**برام کاك حاکم قوباد**

**دکتور فایق محەمەد گوڵپی**

2005-12-26

**ئایا هەڵوێستی ئێوەی حاکم و مافپەروەرانی کوردستان لە سەر کێشەی دکتور کەمال چییە؟**

**نووسینەکەی ماڵپەڕی دەنگەکانی ژمارە (329 ) تم خوێندەوە ، کە دەربارەی نووسینەکەی من(حاکمەکانی سلێمانی بە منالْ دەوێرن ، حاکمەکانی هەولێر بە رۆشنبیر دەوێرن ، هەردووڵاش کۆیلەی داگیرکەران و دابەشکەرانی کوردستانن ) نووسیبووت . بە لای منەوە ئەو رەخنەو گومانانەی تۆ کاردانەوەیەکی سرووشتی و پۆزەتیڤە ، چوونکە نیشانەی راچڵەکین و پرسیارکردنی توێژێکی هەستیاری کومەڵگایە لە ئاست کارەساتێکی مێژوویدا کە خۆی لە بێ سەرووبەری یاسا و کۆیلایەتی دەسەڵاتی دادوەریدا دەبینێتەوە . توێژێك رەخنەیەکی قورسی لێگیرابێت و نوێنەرێکیان بە وەڵام نەیەتەوە مەترسی گەورەی لێدەردەکەوێت و نیشانەی سڕبوون و گیانەڵای گومەڵگا نیشاندەدات . بۆیە من رەخنەکانی تۆ و هەرکەسێکی تر دەخەمە سەرچاوم و بە لامەوە گرنگە سەرجەم چین و توێژو پێکهاتە جیاکانی کومەڵگە لە سەر بابەت و پێویستیەکانی کومەڵگایەکی مەدەنی و دیموکرات بێینە وەڵام و ململانێیەکی شارستانیانە لە پێناوی بەرژەوەندی گشتی و پێشخستنی یاساو سەربەخۆیی دەسەڵاتی دادوەری لە کوردستاندا بەرێوە ببەین .**

**دەربارەی وەڵامی نووسینەکەت کە لە دوو خاڵدا چڕت کردبوویەوە ، بە پێویستم زانی منیش لە دوو خاڵدا ڕوونکردنەوەی خۆم بدەم و لە خاڵی سێهەمیشدا پرسیارت لێبکەم .**

1.**سەرەتا ئەبێ وە بیرتان بهێنمەوە کە من وشەی ( هەموو ) و( هەمیشە ) م لە نووسینەکەمدا بەکار نەهێناوە ،بەڵام وشەی هەندێ حاکم و هەندێ جاریشم بەکار نەهێناوە ، نازانم تۆ وشەی هەمیشەو هەموو ت بۆچی بۆ نووسینەکەی من زیاد کردووە !!.**

**کاتێك من هێرشم بۆ سەر حاکمەکانی سلێمانی دەستپێکردووە ، لە سەر دوو ڕاستی بووە : ڕاستی یەکەم لە سەردەمی ڕژێمی بەعسدا بووە ، ڕاستی دووەم لە سەردەمی دەسەڵاتی کوردیدا بووە کە من بە دەسەڵاتی دابەشکەرانی کوردستان ناویان ئەبەم . دەربارەی هێرشەکانم بۆ سەر حاکمەکانی سلێمانی پشتم بەو ڕاستیانە بەستووە کە لە نووسینەکەمدا ئاماژەم پێداون .**

**دەربارەی فایلی یەکەمی سەردەمی بەعس بەڵێ من فایلم دیووە و لە چەند ژمارەیەکی ڕۆژنامەی ( ئەمڕۆ ) کە کاك فریاد هیرانی و فەرهادی مەلاحەسەن دەریدەکەن ، هەموو فایلەکان بڵاوکرانەوە ، ناوی دکتور و حاکم و بەڕێوەبەری پۆلیسی ئەو کاتەی لە سەر بوو . نوسخەشم بۆ بەڕێز جەلال تاڵەبانی سەرۆکی ئەو کاتی هەرێم و مەکتەبی سیاسی یەکێتی نارد ، دوای ڕووخانی ڕژێمی سەدامیش بنەماڵەی منالە شەهیدەکان لە ڕێگەی وەزارەتی مافی مرۆڤەوە شکاتیانکرد کرد ، ئەگەر تۆ ئاگات لەو بەین و بەردەیە نیە ئەوە خۆت بەرپرسیاری ؟!!.**

2.**دەربارەی پرسیارو ڕەخنەی خاڵی دووەم کە بۆچی پێش شکستی پارتی چارەسەری دیموکراتی کوردستان لە هەڵبژاردندا ئەم نهێنیەت ئاشکرا نەکردووە ، وەك لە خاڵی یەکەمدا ئاماژەم پێداوە ساڵی 2001 و ساڵی 2003 لە دوای ڕووخانی سەدام دوو جاری تر ئەم بابەتەم ورووژاندووە ، بەڵام حزبی دەسەڵاتداری سلێمانی هەر خەریکی ساردکردنەوە و خەواندنی کێشەکە بوە .**

**بۆچی لەم کاتەدا من ئەم کێشەیەم جارێکی تر هێنایەوە بەردەم و چاوی خوێنەران ؟ ئەوە ڕاستەو خۆ پێوەندی بە ڕفاندن و بێسەرو شوێنکردن و دواتر دادگایی کردنی زاڵمانەی دکتور کەمال سەید قادر ەوە هەیە ، کە لە ژێر سێبەری یاساکەی حاکمەکانی کوردستاندا لە هەولێر بەڕێوەچوو .**

**بۆیە دەبێ لات ڕوون بێت کە ئەمە یەکەم جار نیە من ئەو حاکم و دکتورانە وا تاوانبار ئەکەم ، وە باسکردنی ئەو بابەتەش لەم کاتەدا پێوەندی بە شکستی (پ.چ.د.ك) نیە ، ڕاستەوخۆ پێوەندی بە سزا 30 ساڵیەکەی دکتور کەمالەوە هەیە کە لە نووسینەکەمدا لە گەڵ سزاکانی تردا گرێمداوە .**

**دەربارەی شکستی هەڵبژاردنی ئەو پارتەی من سەرکردایەتی ئەکەم لە ژمارە 322 هەمان سایتدا (دەنگەکان) وتارێکم بە ناونیشانی : لە هەڵبژاردنی ئەمجاریشدا لیستی ڕەش چاوەڕوانمانە : بڵاوکردەوە ،وە حاکم و دکتورەکان هۆکار نەبوون بۆ شکستی پارتی چارەسەری لە هەڵبژاردندا وە من بە شکستیشی نازانم .**

3.**لە کۆتاییدا دوو پرسیار لە تۆ و گشت حاکم و مافپەروەرانی کوردستان دەکەم : یەکەم بە کام یاسایە کەسێك لە سەر نووسینی وەك ئەوانەی دکتور کەمال 30 سی ساڵ سزای زیندانی بۆ دەبڕێتەوە ؟ . دووەم پرسیار ئایا هەڵوێستی ئێوەی حاکم و مافپەروەرانی کوردستان لە سەرکێشەی دکتور کەمال سەید قادر چییە ؟ بۆ تا ئێستە هیچ هەڵویستێکتان دیار نیە ؟! خۆ ئەو پیاوە یاساناسە وەك حاکمەکان . وەك خۆشت یاساناس و نووسەرە ، بۆ تا ئێستە هیچ ناڵێیت ؟ !! ئەگەر ئێوە وابن بۆ گلەیی لە من ئەکەن ؟**